ئێمە پێشنیار دەکەین کە ئەم فایلی(pdf)ە تەنها، لەسەر شاشەکە، بخوێنیتەوە و داینەگریتە ناو کۆمپیوتەرەکەوە. هەندێک جار فایلەکە ئۆتۆماتیکی دادەگیرێتە ناو کۆمپیوتەرەکەوە کاتێک دەیکەیتەوە. ئەودەم فایلەکە بسڕەرەوە لەناو فایلە داگیراوەکاندا. ئەگەر سەرەڕای ئەمەش فایلەکە پاشەکەوت دەکەیت، ئەوا پاش ئەوەی خوێندتەوە، فڕێی بدەرە ناو سەبەتەی خۆڵەکەوە و ئینجا کرتە لەسەر "Töm papperskorgen" بکە. ئەگەر دەتەوێت بزانیت چۆن لیستی ئەو ماڵپەڕانەی کە سەردانت کردوون بسڕیتەوە لە کۆمپیوتەرەکەدا بۆ ئەوەی ئەو ڕاستییە بشاریتەوە کە سەردانی ئەم ماڵپەڕەیەت کردووە کە ئەم دۆکومێنتەت لێ داگرتووە، ئەوا کرتە لەسەر ”Att dölja besök“ بکە. هەر لەوێشدا دوگمەیەکی سوور هەیە کە بە ئاسانی دەتبات بۆ ماڵپەڕەیەکی تر، www.google.se

**بەخێر بێیت بۆ لاپەڕەی پۆلیس بۆ زانیاری دەربارەی تاوان لە پەیوەندیی نزیکدا.**

تۆ، کە تاوانێکت بەرامبەر کراوە، دەتوانیت لێرەدا زانیاری سەبارەت بەوەی چ مافێکت هەیە و پۆلیس چۆن دەتوانێت یارمەتیت بدات، بە دەست بهێنیت. تۆش کە شایەتیت، دەتوانیت زانیاری سەبارەت بەوەی دەتوانیت چی بکەیت ئەگەر گومانت هەبوو کە یەکێک لە نزیکت تاوانی بەرامبەر کراوە، بدۆزیتەوە. بەخێربێیت بۆ ئێرە!

---

**چی بە تاوان لە پەیوەندیی نزیکدا ئەژمار دەکرێت؟**

مەبەست لە تاوان لە پەیوەندیی نزیکدا ئەوەیە کە ئەو کەسەی تاوانەکەی بەرامبەر دەکرێت هاوسەرە یان هاوسەر بووە، هاوماڵە یان هاوماڵ بووە، بە ماڵجیایی لە پەیوەندیدایە یان بووە لەگەڵ تاوانکارەکەدا یان منداڵی لە تاوانکارەکە هەیە.

دەشکرێت کەسێک لەلایەن دایکوباوکی، خوشکوبرای یان خزمێکی تریەوە تاوانی بەرامبەر بکرێت، ئەوەی کە بە تاوانکاری پەیوەست بە شەرەفەوە ناودەبرێت. تاوانەکان دەکرێت بۆ نموونە توندوتیژیی فیزیکی، دەروونی یان جنسی بن. ئەو حاڵەتانەش کە تێیدا لایەنێکی پەیوەندییەکە لایەنی دووەم ناچاردەکات یان هەڕەشەی لێ دەکات، یان ڕێگای چوونە دەرەوەی لێ دەگرێت یان بەبێ مۆڵەت لە ماڵەکەیدا دەبێت، بە تاوان دادەنرێن. تاوان لە پەیوەندیی نزیکدا دەچێتە خانەی تاوانبارکردنی گشتییەوە، واتە ئەرکی پۆلیسە کە لێی بکۆڵێتەوە و ئەوکەسەی کە تاوانیشی بەرامبەرکراوە بۆی نییە ڕێگری لە دەستپێکردنی لێکۆڵینەوە بکات. لێکۆڵینەوەکە لەلایەن دادوەرەوە سەرپەرشتی دەکرێت.

**یاسای تێکدانی ئارامی**

ساڵی 1998 یاسای بە سەختی تێکدانی ئارامی و بە سەختی تێکدانی ئارامی ژنان دەرچوون.
زیاتر دەربارەی یاسای تێکدانی ئارامی لە www.bra se دا بخوێنەرەوە.

**چی تاوانە؟**

بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەیەک لەلایەن پۆلیسەوە دەست پێ بکرێت، دەبێت هۆیەک هەبێت بۆ ئەوەی وا دابنرێت کە تاوانێک، کە دەچێتە خانەی دادگاییکردنی گشتییەوە، کرابێت. ئەمەش دەکرێت، بۆ نموونە، لە شێوەی جێگای شینبووەوە بە لەشەوە، برین یان زیانپێکەوتنەوە لە ئەنجامی توندوتیژی لە لایەن کەسێکی نزیکەوە، ببینرێت. دەشکرێت لە شێوەی باسکردنی کەسێک بێت لەوەی کە لە لایەن کەسێکی نزیکییەوە توندوتیژی بەرامبەر کراوە یان هەڕەشەی لێ کراوە بۆ نموونە هەڕەشە لە ڕێگای کورتەنامە (ئێس ئێم ئێس) یان پۆستی ئەلکترۆنییەوە.

**زانیاریی زیاتر**

کۆمەڵەی سەرانسەریی ئێشکگرانی قوربانیانی تاوان: www.boj.se
چەوساندنەوە بەناوی شەرەفەوە: www.hedersfortryck.se
مافەکانت: www.dinarattigheter.se
www.flicka.nu
ڕێکخراوی سەرانسەریی ئێشکگرانی ژنان: www.roks.se
خوێندنگای دادگایکردن: www.rattegangsskolan.se
کۆمەڵەی سەرانسەریی ئێشکگرانی ژنان لە سوید: www.kvinnojouren.se

**کەمتوانایی**

تاوان لە پەیوەندی نزیکدا، لە هەموو جۆرە پەیوەندییەکدا ڕوو دەدات، تەنانەت لە پەیوەندییانەشدا کە یەکیک لە لایەنەکان پێویستی بە لایەنەکەی ترە بەهۆی، بۆ نموونە، کەمتواناییەوە. دەشێت کەمتواناییەکە فیزیکی بیت کە وا دەکات توانای جووڵە سنووردار بێت یان توانای بینین یان بیستن کەم بووبێتەوە، بەڵام دەکرێت دەروونیش بێت یان توانای تێگەیشتن نزم بێت.

باری ئەم گرووپە زیاترسەختە، هەر لەبەرئەوەی کە زۆرجار وابەستەی ئەو کەسەن کە هەم هاوڕێی ژیانیانە و هەم تاوانکارەکەشە. ئەمەش وا دەکات کە ئاشکراکردنی ئەم تاوانانە سەختتر بێت. بۆیە گرنگی تۆ، کە تاوانێکت بینیوە یان گومان دەکەیت تاوانێک بەرامبەر کەسێکی کەمتوانا کراوە، گەلێک زیاترە. ئەگەر لە کارەکەتدا یان بە هەر شێوەیەکی تر تووشی کەسێک بوویت کە پێت وایە تاوانی بەرامبەر کراوە، دەبێت بێت بۆ لای ئێمە، بۆ پۆلیس.

**باشە کە بیری لێ بکەیتەوە**

هەندێک شت هەن باشە کە بیریان لێ بکەیتەوە، بەر لەوەی داوا تۆمار بکەیت لە لای پۆلیس. ئەو شتانەن کە گرنگی زۆریان هەیە بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەکە سەرکەوتوو بێت و کێشەکە بتوانێت بگاتە دادگا.

- ڕازت لای ئەو هاوڕێیانە بدرکێنە کە دەتوانیت متمانەیان پێ بکەیت و باسی حاڵی خۆتیان بۆ بکە. ئەودەم ئەوان دەتوانن پشتگیری لە قسەکانت بکەن ئەگەر کار گەیشتە دادگا.
- پەیوەندی بکە بە ئێشکگری ژن یان پیاوەوە، ئەوانیش دەتوانن پشتگیری لە قسەکانت بکەن ئەگەر کار گەیشتە دادگا.
- بیرەوەری ڕۆژانەت بنووسەرەوە و تێیدا بنووسە کەی و لە کوێ سووکایەتیت پێ دەکرێت، هەڕەشەت لێ دەکرێت یان لێت دەدرێت هەروەها بشنووسە چۆن و لە چ بەشێکی لەشت دەدرێت.
- ئەو جلانەت مەشۆ کە لەبەرتا بوون کاتێک لێتدراوە یان دەستدرێژیی جنسیت کراوەتە سەر.
- بیمارییەکانت یاداشت بکە، باشتریشە وێنەیان بگریت یان وا بکە کە لە لایەن پزیشکەوە یاداشت بکرێن.
- ئەو هەڕەشانەی کە لە تەلەفۆندا بۆت جێهێڵراوە، بە پۆستی ئەلکترۆنی یان بە کورتە نامە بۆت هاتووە هەڵگرە و بینێرە بۆ هاوڕێکانت تا بیان پارێزن. ئەمانە دەکرێت ببنە بەڵگەی گرنگ.

## لێرە دەتوانیت یارمەتی و پشتگیری وەربگریت

یارمەتی هەیە، بۆ تۆ کە تاوانت بەرامبەر کراوە، وەربیگریت. زۆر شارەوانی بەرنامەی یارمەتی هەیە بۆ یارمەتیدانی ژنان و پیاوان کە تاوانیان بەرامبەر کراوە. تۆ دەتوانیت پەیوەندیش بکەیت بە یەکێک لەو ڕێکخراوانەی کە لەسەرانسەری وڵاتدا هەن. لە خوارەوە لینکی چەند ڕێکخراوێک دەدۆزیتەوە.

یارمەتیش هەیە بۆ ئەو کەسەی کە دەیەوێت ڕەفتاری توندوتیژی خۆی بگۆڕێت، ئەزموون پیشانی دەدات کە ئەمە شتێکە، زۆربەیان دەیانەوێت. ئەو کەسانەی کە بە شوێن یارمەتیدا دەگەڕێن بۆ وازهێنان لە بەکارهێنانی توندوتیژی، هەمیشە، لە ڕەفتاری توندوتیژی خۆیان نیگەران و تۆقیون. زۆربەی کات هەست بە شەرمەزاری و خەتاباری دەکەن. لە زۆربەی شارەوانییەکاندا ئێشکگر و بنکەی تایبەت هەن کە شارەزاییان هەیە لە مامەڵەکردندا لەگەڵ ئەم جۆرە پرسانە و دەتوانن یارمەتی  پێشکەش بکەن.

## زانیاریی زیاتر

مافی منداڵ لە کۆمەڵگادا: www.bris.se
نوێنەری منداڵان: www.barnombudsmannen.se
ئەنجومەنی پێشگیری لە تاوان: www.bra.se
کۆمەڵەی سەرانسەریی  ئێشکگرانی قوربانیانی تاوان:  www.boj.se
دەستگای قوربانیانی تاوان: www.brottsoffermyndigheten.se
نوێنەری دادوەری: www.jo.se
هێڵی ئارامیی ژنان: www.kvinnofridslinjen.se
کۆمەڵەی سەرانسەری بۆ یەکسانی مافی جنسی: www.rfsl.se
ناوەندی سەرانسەری قەیران: www. rikskriscentrum.se
ڕێکخراوی سەرانسەریی ئێشکگرانی ژنان: www.roks.se
کۆمەڵەی سەرانسەریی ئێشکگرانی ژنان  و کچان لە سوید: www.kvinnojouren.se

## ئێمە دەتوانین یارمەتیت بدەین

توندوتیژی لە هەموو جۆرە پەیوەندییەک و لە سەرانسەری سویددا هەیە. ئێمە دەزانین کەساڵانە بە دەیان هەزار، ڕەنگە نزیکەی 100000 کەس دووچاری ببن.

ئایا لە بارێکدا دەژیت کە سووکایەتی پێکردن، هەڕەشە و توندوتیژی تێدایە؟ لەم بارەدا دەبێت بێیت بۆ پۆلیس. دەکرێت تاوانێکی توندت بەرامبەر کرا بیت کە دەبێت داوای لە لای پۆلیس بۆ تۆمار بکرێت.

تەلەفۆن بکە بۆ 14 114 یان بچۆ بۆ نزیکترین پۆلیسخانە. لە کاتی پەلەدا تەلەفۆن بکە بۆ 112.

**ئایا بەسەر تۆدا هاتووە؟**

ئەم جۆرە تاوانە لە هەموو جۆرە پەیوەندییەکدا، لە ناو هەموو گرووپەکانی کۆمەڵگادا و لە هەموو ناوچەکانی وڵاتدا هەیە.

تاوانەکان زۆربەی کات لە ناو ماڵدا ڕوو دەدەن، بۆیە دەکرێت ئاشکراکردنیان لەلایەن پۆلیس و دەستگاکانی تری دادوەرییەوە کارێکی سەخت بێت. ئەمەش وا دەکات کە دەستێوەردان و یارمەتیدانی ئەو کەسەی تاوانی بەرامبەرکراوە، کارێکی سەخت بێت. زۆربەی کات هۆکارەکەی دڵپیسی یان ڕێکنەکەوتنە لە کاتی جیابوونەوە یان تەڵاقدا. زۆربەی کاتیش کحول لە ئارادایە. دەگمەنیش نین ئەو حاڵەتانەی کە تیایاندا یەکێک لە لایەنەکان دەیەوێت کۆنترۆڵ و دەسەڵاتی هەبێت بەسەر لایەنەکەی تردا. دەشکرێت ئەوە بێت کە بە تاوانکاری پەیوەست بە شەرەفەوە ناودەبرێت، واتە خێزانێک چاودێری دەخاتە سەر ئەندامەکانی بۆ ئەوەی کارێک نەکەن کە شەرەفی خێزانەکە بخاتە مەترسییەوە، یان سزای ئەندامێکی خێزانەکە دەدەن کە لە ڕێسای بنەماڵەکە لای داوە.

**ژمارەیەکی نادیاری ئەوانەی تاوانیان بەرامبەر کراوە**

ئەمە جۆرێکی باوە لە تاوان. ژمارەی تەواوی ئەوانەی تاوانیان بەرامبەرکراوە، کەس نایزانێت، بەڵام بە گوێرەی ئەنجومەنی پێشگیری لە تاوان، brå، تەنها لە 25%ی ئەوانەی تاوانیان بەرامبەر دەکرێت، داوا تۆمار دەکەن. ساڵی 2011، 35035 داوا لە لای پۆلیس تۆمار کراوە کە تیایاندا پیاوان، ژنان و منداڵان دووچاری لێدان بوون، 69 %ی ئەو داوایانە سەبارەت بەو تاوانانە بوون کە تیایدا داواکەرەکە لە لایەن هاوڕێی ژیانی ئێستا یان پێشوویەوە تاوانی بەرامبەر کراوە. بە واتایەکی تر، ئەگەر تاوانت بەرامبەر کراوە، ئەوا تۆ تەنها کەس نیت.

**بەگرنگنەزانین ئاساییە**

زۆر کەس، لەگەڵ ئەوەشدا کە تاوانیان بەرامبەر دەکرێت لە لایەن هاوڕێی ژیانیانەوە، کەچی بۆ ماوەیەکی زۆر لە پەیوەندییەکانیاندا دەمێننەوە. ئەوەی کە خەڵکی مانەوە هەڵدەبژێرێت، دەکرێت چەند لێکدانەوەیەکی بۆ بکرێت: مرۆڤ هێشتا هاوڕێکەی ژیانی خۆی خۆشدەوێت، مرۆڤ نیگەرانە لەوەی کە ئایا کەسی دووەم چی بەسەر دێت ئەگەر ئەم بڕوات یان مرۆڤ لە دەرئەنجامەکانی جیابوونەوە دەترسێت. هەروەها باویشە کە ئەو کەسەی تاوانی بەرامبەر کراوە خۆی توندوتیژییەکە هێند بە گرنگ نازانێت و ئەوەی کە بەرامبەری کراوە بە شتێکی کەم دەزانێت و لە خۆی دوور دەخاتەوە. چونکە مرۆڤ پاش ماوەیەکی زۆر لە توندوتیژیی فیزیکی و دەروونی، خۆی، وەکو مرۆڤ، بە کەمتر دەزانێت. مرۆڤ خۆی بە خەتابار دادەنێت و پێی وایە کە شایستەی ئەو توندوتیژییەیە.

**نیشانە ئاگادارکەرەوەکان**

چەند نیشانەیەکی ئاگادارکەرەوەی باو هەن کە دەری دەخەن کە هەڵەیەک هەیە لە پەیوەندییەکدا. لە ماڵپەڕەی RFSL دا لیستێک پرسیار هەن کە دەکرێت یارمەتیدەرت بن بۆ ناسینەوەی باوترین نیشانە ئاگادارکەرەوەکان. هەر لێرەشدا لینکی ڕێکخراوەکانی تر هەن کە دەتوانیت پرسیارو ڕامانەکانی خۆتیان بۆ بنێریت ئەگەر خۆت یان کەسێک کە دەیناسیت تاوانی بەرامبەر کراوە.

## زانیاریی زیاتر

ئێشکگری قوربانی تاوان بۆ کەسانی هۆمۆ ، بی و ترانسسێکسوێل: www.rfsl.se/brottsoffer

تەلەفۆنی پشتگیری بۆ ژنان کە دووچاری هەڕەشە، توندوتیژی یان دەستدرێژی جنسی هاتوون. www.kvinnofridslinjen.se

## داواتۆمارکردن یان نا؟

بەلای پۆلیسەوە هیچ گومانی تێدا نییە کە تاوان لە پەیوەندیی نزیکدا دەبێت داوای، لەلای پۆلیس، بۆ تۆماربکرێت.

لەگەڵ ئەوەشدا، زۆرن ئەوانەی کە تاوانیان بەرامبەر دەکرێت و سڵ دەکەنەوە لەوەی کە داوا لە لای پۆلیس تۆمار بکەن. ڕەنگە هێشتا هەست و سۆز مابێت بۆ کەسە بەرامبەرەکە یان ئەوەتا مرۆڤ لەوە دەترسێت کە لە دوایدا سزا بدرێت. هەبوونی منداڵی هاوبەشیش دەکرێت هۆیەک بێت بۆ ئەوەی کە مرۆڤ داوا تۆمار نەکات. دەکرێت لەبەرئەوەش بێت کە ڕووداوەکە زۆر تایبەت یان کەسەکییە، یان مرۆڤ هەست بە خەتا و شەرمەزاری دەکات و خۆی تۆمەتبار دەکات لەوەدا کە تاوانی بەرامبەر کراوە.

تەنانەت دەکرێت لەبەرئەوەش بێت کە مرۆڤ پێی وایە کە ئەم جۆرە تاوانانە هێندە توند نین بۆ ئەوەی داوایان بۆ تۆمار بکرێت لە لای پۆلیس یان پۆلیس بە جیدی وەری ناگرێت. ئەو کەسەی کە تاوانی پەیوەست بە شەرەفی بەرامبەر دەکرێت، دەشێت بە لایەوە سەخت بێت کە بە تەنها بچێت بە گژ ڕێسا و بەهاکانی تەواوی بنەماڵەیەکدا.

## گرنگە کە داوا تۆمار بکەیت

ئەگەر ئەم جۆرە تاوانەت بەرامبەر کرا، دەبێت داوا لە لای پۆلیس تۆمار بکەیت. داواتۆمارکردن دەکرێت ڕێگایەک بێت بۆ کۆتاییهێنان بە توندوتیژی و سووکایەتییپێکردن لە ژیانتا.

## تەنانەت کەسانی تریش دەتوانن داوا تۆمار بکەن

زۆرترین جار قوربانیی تاوانەکەیە کە داواکە لە لای پۆلیس تۆمار دەکات، بەڵام ئەوەش باوە کە هاوڕێ و دراوسێی کەسەکان داوا تۆمار دەکەن. ئەگەر گومانت هەیە لەوەی کە کەسێک تاوانی بەرامبەر دەکرێت، دەتوانیت پەیوەندی بکەیت بە پۆلیسەوە و پۆلیسیش بڕیار لەسەر ئەگەری لێکۆڵینەوەی زیاتر دەدات.

### باشه کە بیری لێ بکەیتەوە

ئەگەر لە پەیوەندییەکدا دەژیت کە تێیدا دووچاری هەڕەشە، توندوتیژی یان سووکایەتیپێکردن دەبیت، ئەوا چەند شتێک هەن کە باشە بیریان لێ بکەیتەوە:

- ڕازت لای ئەو هاوڕێیانە بدرکێنە کە دەتوانیت متمانەیان پێ بکەیت و باسی حاڵی خۆتیان بۆ بکە. ئەودەم ئەوان دەتوانن پشتگیری لە قسەکانت بکەن ئەگەر کار گەیشتە دادگا.
- پەیوەندی بکە بە ئێشکگری ژن یان پیاوەوە. ئەوانیش دەتوانن پشتگیری لە قسەکانت بکەن ئەگەر کار گەیشتە دادگا.
- بیرەوەری ڕۆژانەت بنووسەرەوە و تێیدا بنووسە کەی و لە کوێ سووکایەتیت پێ دەکرێت، هەڕەشەت لێ دەکرێت یان لێت دەدرێت هەروەها بشنووسە چۆن و لە چ بەشێکی لەشت دەدرێت.
- ئەو جلانەت مەشۆ کە لەبەرتا بوون کاتێک لێتدراوە یان دەستدرێژیی جنسیت کراوەتە سەر.
- بیمارییەکانت یاداشت بکە، باشتریشە وێنەیان بگریت یان وا بکە کە لە لایەن پزیشکەوە یاداشت بکرێن.
- ئەو هەڕەشانەی کە لە تەلەفۆندا بۆت جێهێڵراوە، بە پۆستی ئەلکترۆنی یان بە کورتە نامە بۆت هاتووە هەڵگرە و بینێرە بۆ هاوڕێکانت تا بیان پارێزن. ئەمانە دەکرێت ببنە بەڵگەی گرنگ.

### پشتگیری و پاراستن

زۆر کەس نیگەرانن بەرامبەر بە تۆمارکردنی داوا، ڕەنگە لە ترساندا بێت لەو کەسانەی کە داوایان لەسەر تۆمار دەکەن. پۆلیس دەکرێت هەڵسەنگاندنێک بۆ مەترسی و هەڕەشەکان بکات بۆ ئەوەی بزانێت ئایا پێویست دەکات بپارێزرێیت.

بەگوێرەی سروشتی هەڕەشەکە، چەند پلەیەکی پاراستن هەیە. دەتوانیت ڕێنوێنی و ئاگالێبوون و کەرستەی جیاجیای یاریدەدەر لە پۆلیس وەربگریت، بۆ نموونە پاکەتێکی پاراستن کە تەلەفۆنی ئاگادارکەرەوەی بە GPS و زەنگی ئاگادارکەرەوەی تێدایە. هەروەها دەتوانیت لێپرسراوێکی پەیوەندیی تایبەت بەخۆتت هەبێت و هەلی قسەکردنت بۆ دەرخسێت دەربارەی سەلامەتی و زانیاریی زیاتر.

پۆلیس لەگەڵ دامودەستگاکانی تری کۆمەڵگاشدا، کە دەتوانن بتپارێزن، هاوکارە. شارەوانی دەتوانێت، بۆ نموونە، نشینگەی پارێزراوت بداتێ و دەتوانیت پشتگیریش لە ناوەندێکی ئێشکگریی قوربانیی تاوان وەربگریت. تەنانەت ڕێکخراوی خۆبەخشیش هەن کە دەتوانن یارمەتیت بدەن.

دادوەریش دەتوانێت بڕیاری قەدەغەکردنی پەیوەندی بدات. ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئەو کەسەی کە ڕەنگە هەڕەشەت لێ بکات بۆی نییە، لە ڕێگای سەردانەوە، بە تەلەفۆن، پۆستی ئەلکترۆنی یان شێوەی تری لەو بابەتەوە، پەیوەندیت پێوە بکات زۆربەی پۆلیسخانەکان کارمەندی ڕێکخەری کاروباری قوربانیی تاوانیان هەیە کە دەکرێت زیاترت بۆ باس بکات.

دەتوانیت یارمەتیش بە شێوەی قەرەبووی قوربانیی تاوان وەربگریت، بەڵام ئەودەم دەبێت داوای تۆمارکراو لەلای پۆلیس هەبێت. ئەگەر داوای تۆمارکراو لەلای پۆلیس هەبێت، دەتوانیت داوای قەرەبوو لە سندووقی بیمەش، بۆ بیمارییەکانت، بکەیت.

### زانیاری زیاتر

پشتگیریی قوربانیی تاوان: www.brottsoffermyndigheten.se
تەلەفۆنی پشتگیری بۆ ژنان کە دووچاری هەڕەشە، توندوتیژی یان دەتستدرێژی جنسی هاتوون: www.kvinnofridslinjen.se

## چۆن داوا تۆمار دەکرێت؟

ئەگەر خۆت یان کەسێک، کە تۆ دەیناسیت، تاوانی بەرامبەر کراوە یان هەڕەشەی لێ کراوە، دەبێت داوا لە لای پۆلیس تۆمار بکەیت.

دەتوانیت تەلەفۆن بکەیت بۆ پۆلیس بە ژمارەتەلەفۆنی 11414 یان ئەگەر زۆر پەلە بوو بە ژمارەتەلەفۆنی 112. دەشتوانیت پەیوەندی بکەیت بە پۆلیسخانە لەو جێگایەی لێی دەژیت. ئەگەر بشتەوێت، دەتوانیت داوای یارمەتی لە کەسێك، کە جێگای متمانەت بێت بۆ نموونە هاوڕێیەک یان هاوکارێک، بکەیت.

## پاشان چی ڕوودەدات؟

پاش ئەوەی کە پۆلیس داواکەت وەردەگرێت، بانگ دەکرێیت بۆ لێپرسینەوە بۆ ئەوەی زیاتر لەسەر داواکەت بدوێیت. گرنگە لە لێپرسینەوەکەدا، ئەوەندەی دەکرێت، بە درێژی باسی ئەوە بکەیت کە ڕوویداوە. چ جۆرە هەڕەشەیەک، توندوتیژییەک یان تاوانێکی ترت بەرامبەر کراوە؟ لە لایەن کێوە؟ ماوەی چەندە تاوانت بەرامبەر دەکرێت؟ شایەت هەیە؟ ئایا کەسێک زیانی پێ گەیاندوویت؟ چۆن؟ گرنگە ئەم جۆرە پرسیارانە وەڵام بدرێنەوە بۆ ئەوەی پرسەکە بە ئەنجام بگات.

## لێکۆڵینەوەی سەرەتایی

لێکۆڵینەوە لە تاوانەکە، کە بە لێکۆڵینەوەی سەرەتایی ناودەبرێت، بۆ ئەوەیە کە زانیاری دەربارەی ڕووداوەکە کۆبکرێتەوە. لێکۆڵینەوەکە لەلایەن دادوەرەوە سەرپەرشتی دەکرێت. پاش ئەوەی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکە تەواو دەبێت، دادوەر بڕیار دەدات سەبارەت بەوەی کە ئەگەر بەڵگەی تەواو هەیە بۆ ئەوەی ئەو کەسەی کە گومانی لێ دەکرێت تاوانەکەی کردبێت بتوانرێت بدرێت بە دادگا. تۆمەتبارکردن دەبێتە هۆی وتووێژی زارەکی لە دادگای بەرایی، ئەوەی کە پێی دەگوترێت دادگایکردن. لەوێدا تۆ، داوالێکراوەکە (کەسی تۆمەتبارکراو) و، ئەگەر شایەتیش هەبوو، شایەتەکانیش لێپرسینەوەتان لەگەڵدا دەکرێت. پاشان دادگا هەڵسەنگاندنی خۆی دەکات و حوکم دەردەکات. ئەگەر تۆ یان داواکراوەکە ڕازی نەبوون لە حوکمی دادگای بەرایی ئەوا دەکرێت، لای دادگای تێهەڵچوونەوە، تانەی لێ بدەن.

## چی ڕوو دەدات ئەگەر داواکە دابخرێت؟

ڕوودەدات کە، لەبەر نەبوونی بەڵگە، کێشە دادەخرێت. ئەمە ئەوە ناگەیێنێت کە پۆلیس و دادوەر باوەڕ بە قسەکانی ئەو کەسەی تاوانی بەرامبەر کراوە، ناکەن، بەڵکو، سووک و ئاسان، لەبەر ئەوەیە کە ناکرێت کێشەیەک بگەیێنرێتە دادگا ئەگەر بەڵگەی تەواو یان شایەت نەبێت کە قسەکانی ئەو کەسەی تاوانی بەرامبەر کراوە، بسەلمێنیت.

## زانیاریی زیاتر

خوێندنگەی دادگایکردن: www.rattegangsskolan.se

## ئایا ناسیاوێکت تاوانی بەرامبەر کراوە؟

ئەگەر شایەتی توندوتیژییەکیت کە لە پەیوەندییەکی نزیکدا ڕووی داوە، یان گومانت هەیە کە یەکێک لە دەوروبەرەکەت تاوانی بەرامبەر کراوە، ئەوا دەتوانیت داوایەک لە لای پۆلیس تۆمار بکەیت.

تۆمارکردنی داوا لە لای پۆلیس بۆ ئەم جۆرە تاوانە، دەکرێت بە کارێکی سەخت بزانرێت. ئەگەر نەشتدەوێت کە داوایەکی ڕەسمی تۆمار بکەیت، ئەوا دەتوانیت پەیوەندی بە پۆلیسەوە بکەیت و بەنهێنی باسی گومانەکانتیان بۆ بکەیت. ئەوسا پۆلیس بڕیار دەدات کە بەدوایدا بچێت بۆ ئەوەی بزانێت کە ئایا داوا تۆمار بکرێت یان نا. ئەگەر لە بواری چاودێری یان تەندروستیدا کار دەکەیت، ئەوا لە هەندێک حاڵەتدا ئەرکی سەرشانتە کە کاتێک کەسێک دەبینیت کە تاوانی بەرامبەر کراوە، داوا تۆمار بکەیت.

## گومانت هەیە کە منداڵێک تاوانی بەرامبەر کراوە؟

ئەگەر گومانت هەیە لەوەی کە منداڵێک ڕەوشی خراپە، ئەوا دەتوانیت بە شێوەیەکی نهێنی بە دەستگاکانی کاروباریی کۆمەڵایەتی، لە شارەوانییەکەتدا، ڕابگەێنیت. (لە ماڵپەڕەی شارەوانییەکەتدا دەتوانیت بیاندۆزیتەوە.) ئەوان لێکۆڵینەوە دەکەن و داوا لە لای پۆلیس تۆمار دەکەن. ئەگەر لە بواری چاودێریی تەندروستی، خوێندنگا یان لەگەڵ چاودێریی منداڵاندا کار دەکەیت، ئەوا هەمیشە ئەرکی سەرشانتە کە پێیان ڕابگەێنیت، ئەگەر گومانت هەیە لەوەی کە منداڵێک ڕەوشی خراپە.

## لێرە دەتوانیت یارمەتی و پشتگیری وەربگریت.

مافی منداڵ لە کۆمەڵگادا: www.bris.se

ڕێکخراوی ڕزگارکردنی منداڵان: www.raddabarnen.se

## پۆلیس توانای خۆی کۆدەکاتەوە

پۆلیس تاوان لە پەیوەندیی نزیکدا زۆر بە جیدی دەگرێت.

ئەوەی کە گرووپێکی گەورەی کۆمەڵگا دووچاری هەڕەشە و توندوتیژی دەبنەوە، لە ماڵەوە، گرفتێکی کۆمەڵایەتیی گەورەیە. هەروەها ئەمە تاوانێک نییە کە بە تەنها دژی یاسای سویدی بێت، بەڵکو دژی جاڕنامەی نەتەوەیەکگرتووەکانیشە سەبارەت بە مافی مرۆڤ.

**بەرەوپیرچوونەکە بڕیاردەرە**

کاری پۆلیس دەبێت لە وشەکانی "خۆتەرخانکردوو، چالاک و بەردەستبوونەوە" سەرچاوە بگرێت. ئەمە لە هەموو بوارێکدا گرنگە بەڵام ڕەنگە لە کاتی تاوان لە پەیوەندیی نزیکدا زیاتر گرنگ بێت.

ئێمە دەزانین کە چۆنێتی بەرەوپیرچوونی قوربانیی تاوانەکە لە لایەن ئێمەوە ڕۆڵێکی بڕیاردەری هەیە بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی تاوانیان بەرامبەر کراوە داوا تۆماربکەن و تا بەدەستهێنانی ئەنجامیش بە دوایدا بچن. بە هەمان شێوەش لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان، بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەکی سەرکەوتوو، گرنگن . ئەمە دەکرێت بۆ نموونە شایەتیوەرگرتن و یاداشتکردنی ئەو زیانانەش بگرێتەوە کە لەو کەسە کەوتووە کە تاوانی بەرامبەر کراوە. گرنگە کە ئاماژە بەوە بکرێت کە ئەرکی سەرشانی پۆلیسە کە بێلایەن بێت لە لێکۆڵینەوەکەدا و هەموو شتەکان بەهێند وەربگرێت، ئەوانەی کە بە قازانج و ئەوانەش کە بە زیانی گومانلێکراو دەگەڕێن.

**ستراتیژێکی نەتەوەیی**

پۆلیس هەردەم کار لەسەر خۆباشترکردندا دەکات لە لێکۆڵینەوە لەم جۆرە تاوانە. ئامانج ئەوەیە کە کەسانێکی زیاتر داوا تۆمار بکەن، ژمارە شاراوەکان کەم ببنەوە، کارکردن چالاکتر بکات و ژمارەی کێشەکانیش، کە بە دادگا دەگەن، زیاتر ببن. خوێندنی تازە و پەرەپێدراو پلەی لێهاتوویی لە ناو پۆلیسدا بەرز کردۆتەوە. ئاڵوگۆڕی زانیاری و ئەزموون لە ناو پۆلیس خۆیدا و لەگەڵ دادوەر و دەستگاکانی تر و ڕێکخراوە خۆبەخشەکاندا، ئەم پرسەی گەیاندۆتە پلەیەکی بەرزتر لە بەرنامەی کاری ڕۆژانەدا. تەنانەت خوێندنەکانی لێکۆڵەرەوەی منداڵ و لێکۆڵەرەوەی تاوانی پەیوەست بە شەرەفیشەوە پەرەیان پێ دراوە و باشتر کراون.

**کاریگەری چییە بۆ سەر منداڵ؟**

ئەو منداڵانەی کە لەناو سووکایەتپێکردن، هەڕەشە و توندوتیژیدا دەژین لەماڵەوە زیانی فیزیکی و دەروونیشیان پێ دەگات.

توێژینەوە دەریدەخات کە ئەم منداڵانە لە منداڵانی تر زیاتر نیشانەی نیگەرانی، پەشیمانی، خەمۆکی، سترێسی دوای تراوما و شەڕئەنگێزییان پێوە دیارە. بۆیە گرنگە کە منداڵەکان لە یاد نەکرێن، تەنانەت ئەگەر دایکوباوکەکان پێشیان وا بێت کە منداڵەکە توندوتیژی و هەڕەشەکانی نەدیوە یان هەست پێ نەکردووە. توێژینەوەش هەیە کە دەریدەخات هەتا زیاتر ژنەکە دووچاری لێدان ببێت، هێندەش مەترسیی لێدانی منداڵەکە، لە لایەن هەردوو دایک و باوکییەوە، زیاتر دەبێت.

**پۆلیس چۆن لەگەڵ منداڵدا کار دەکات؟**

لە لای پۆلیس پرسیارکەری ڕاهێنراوی تایبەت بە پرسیارکردن لە منداڵ هەن کە ڕاهاتوون لەسەر بینین و قسەکردن لەگەڵ ئەو منداڵانەی کە دووچاری هەر جۆرە تاوانێک بوون. ئەو منداڵەی کە توندوتیژی لە پەیوەندیی نزیکدا دیبێت، وەکو قوربانیی تاوان تەماشا دەکرێت و مافی وەرگرتنی قەرەبووی زیانپێکەوتووی تاوانی هەیە. بۆ ئەوەی منداڵەکان بتوانن قەرەبووی زیانپێکەوتووی تاوان وەربگرن، هەمیشە، دەبێت داوایەک لە لای پۆلیس تۆمار کرابێت.

**خانووی تایبەت بۆ منداڵ**

لە زۆر جێگا لەم وڵاتەدا، ئەوەی کە پێی دەڵێن، خانووی منداڵ هەیە کە تێیدا پۆلیس، دادوەر، پزیشک و دەستگای کاروباری کۆمەڵایەتی، لە ژێر یەک سەقفدا، کۆبوونەتەوە. ئەمە وا دەکات کە پێویست نەکات منداڵەکە لە نێوان دامودەستگای جیاجیادا بهێنرێت و ببرێت و ئەمەش کارئاسانییە بۆ منداڵەکە. ئەمە کارئاسانیشە بۆ ڕێکخستنی کارەکان لە نێوان دامودەستگا پەیوەندیدارەکاندا و دەبێتە مایەی پلەیەکی بەرزتری لێکۆڵینەوە.

**زانیاریی زیاتر**

مافی منداڵ لە کۆمەڵگادا: www.bris.se

ڕێکخراوی ڕزگارکردنی منداڵان: www.raddabarnen.se

**تاوانی شەرەفت بەرامبەر کراوە؟**

لێرەدا دەتوانیت دەربارەی جۆری ئەو یارمەتی و پشتگیرییە بخوێنیتەوە کە دەتوانیت وەری بگریت کاتێک تاوانی پەیوەست بە شەرەفت بەرامبەر دەکرێت.

ئایا لە بارێکدا دەژیت کە تێیدا بۆت نییە خۆت بڕیار بدەیت چی لەبەر بکەیت و کێ ببینیت، یان لێت دەدەن بۆ ئەوەی فێری گوێڕایەڵی ببیت؟ وا هەست دەکەیت کە چاودێری دەکرێیت، کۆنترۆڵ دەکرێیت و هەڕەشەت لێ دەکرێت لە لایەن دایکوباوک یان خزمەکانتەوە؟ ناچار دەکرێیت کە مەیلی سێکسی خۆت بشاریتەوە؟ ئەوا دەکرێت تاوانێک یان چەند تاوانێکت بەرامبەر کرابێت کە بە تاوانکارییەکانی پەیوەست بە شەرەفەوە دەناسرێن.

**کچان و کوڕان، هەردووک دووچاری دەبن**

هێشتا بۆچوونێک هەیە کە گوایا توندوتیژی و چەوساندنەوەی پەیوەست بە شەرەف تەنها بەرامبەر بە کچان و ژنان دەکرێت، بەڵام بەرامبەر کوڕان و پیاوانیش دەکرێت. ئەوان، زۆرجار، ئازادترن لە کچەکان و ژنەکان، بەڵام ئەوان، بە نموونە، دووچاری ژنهێنانی بڕیارلەسەردراو و ژنهێنانی بەزۆر دەبن. ئەوانیشن کە دەبێت ئەرکی چاودێریکردن و کۆنترۆڵکردنی خوشکەکانیان و ئامۆزاکانیان ڕاپەڕێنن. ئەگەر کوڕەکان لە ئاستی چاوڕوانکراودا نەبن لە بەجێهێنانی ئەرکەکانیاندا، ئەوا خۆیان دووچاری توندوتیژی و چەوساندنەوە دەبن. حاڵەتی ناسراو هەیە کە تێیدا کوڕی گەنج کوژراوە لەبەرئەوەی کەسێکی نەخوازراوی بە هاوسەر هەڵبژاردووە یان ڕەفتاری جنسییان پێ لەنەریتلادەر بووە.

**تاوانی پەیوەست بە شەرەف بەرامبەر کەسانی هۆمۆ ، بی و ترانسسێکسوێڵ**

کەسانی هۆمۆ ، بی و ترانسسێکسوێڵ لە کولتوری شەرەفسالاردا، بەتایبەتی تاوانیان بەرامبەر دەکرێت. ڕەفتاری هۆمۆ ، بی و ترانسسێکسوێڵ لە زۆر کۆمەڵگادا قەدەغەیە و بە کارێکی نایاسایی تەماشا دەکرێت. ئەمەش مەترسی تووشبوونیان بە بەردەوام تاوانلێکردن، پەراوێزخستن، توندوتیژی و کوشتن زیاد دەکات.
کوڕێک یان کچێکی هۆمۆ ، بی یان ترانسسێکسوێڵ لە خێزانێکدا، دەکرێت ببێتە مایەی بارگرانی بۆ خێزانەکە چونکە کار دەکاتە سەر ناووناوبانگی خێزانەکە و شەرەفیان لەکەدار دەکات. ڕەفتاری جنسی منداڵەکان بە تەنها هەلی ژنهێنان یان شووکردنی خۆیان ناخاتە مەترسییەوە، بەڵکو هەلی خوشک و براکانیشیان دەخاتە مەترسییەوە.

**یاسا چی دەڵێت؟**

بە زاراوەی یاسایی ئەو "چاودێریکردن" و "کارتێکردنە" دەکرێت بریتی بێت لە زەوتکردنی سەربەستی، زۆرلێکردن، هەڕەشە، هەراسانکردن یان ئازاردان. ئەمانە تاوانێ سەختن. ئەگەر خۆت یان یەکێکی ناسیاوت تاوانێک یان چەند تاوانێکی لەمانەتان بەرامبەر کراوە، ئەوا دەبێت داوا لە لای پۆلیس تۆمار بکەیت. ئەگەر پرسیارت هەیە دەربارەی توندوتیژییەک کە بە ناوی شەرەفەوە دەکرێت، پەیوەندی بکە بە پۆلیس یان ئێشکگری ژنان یان ئێشکگری کچانەوە.

**پرسیار و وەڵام**

**پرسیار: ئەم هاوینە، دەچین بۆ وڵاتەکەی خۆمان و ڕەنگە منیش دژ بە ویستی خۆم بەشوو بدرێم. چی بکەم؟**

وەڵام: پەیوەندی بکە بە پۆلیس، ئێشکگری ژنان یان خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتییەوە و باسی گومانەکانتیان بۆ بکە. گرنگە کە بە هەر نرخێک بێت نەهێڵیت ئەو سەفەرە بکرێت ئەگەر هۆ هەیە وات لێ بکات بە گومان بیت لەوەی کە دژ بە ویستی خۆت بەشوو دەدرێیت. بە گەیشتنت بە دەرەوەی وڵات، بۆ دامودەستگا سویدییەکان، سەخت دەبێت یارمەتیت بدەن.

**پرسیار: دەتوانم لە کوێ یارمەتی وەربگرم، ئەگەر هەست بکەم هەڕەشەلێکراوم؟**

وەڵام: ئەگەر سووکایەتیت پێ کراوە یان هەڕەشەت لێ کراوە، دەتوانیت پەیوەندی بکەیت بە پۆلیس، خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی یان ئێشکگری ژنانەوە ئەگەر یەکێک لەمانە لە نزیکتەوە هەیە. ئێشکگری ژنان زۆربەی کات پەیوەندی هەیە لەگەڵ خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتییدا و دەتوانێت لە حاڵەتی زۆر پەلەدا یارمەتیت بدات بە فەراهەمکردنی شوێنی پارێزراو بۆ ژیانت و پەیوەندیت لەگەڵ دامودەستگا جیاجیاکاندا. لە زۆر ناوچەی وڵاتدا، شوێنی پارێزراو هەیە بۆ ژیان کە تێیدا کارمەندەکان تایبەتمەندن لە یارمەتیدانی کەسانێکدا کە تاوانی پەیوەست بە شەرەفیان بەرامبەر کراوە. زۆربەی ئەم جێگایانە، تەنانەت لە حاڵەتی زۆر پەلەشدا، منداڵیش وەردەگرن.

**پرسیار: بۆ ماوەی چەند دەتوانم شوێنی پارێزراو بۆ ژیانم هەبێت؟**

وەڵام:ئەوەندەی کە پێویستە و هەتا یارمەتی دەدرێیت لە وەرگرتنی شوێنی ژیانی تایبەت بە خۆت، مافی هەبوونی شوێنی پارێزراوت هەیە بۆ ژیان.

**پرسیار: چی ڕوو دەدات ئەگەر بچم بۆ لای پۆلیس؟**

وەڵام: پۆلیس لێکۆڵینەوە لەوە دەکات کە ڕووی داوە و لەوەش کە ئەگەر هۆ هەیە بۆ بەردەوامبوون لەسەر لێکۆڵینەوە. چونکە تاوانێکت بەرامبەر کراوە، بانگ دەکرێیت بۆ لێپرسینەوە. پۆلیس پرسیار لە گومانلێکراوەکان و شایەتەکانیش دەکات بۆ نموونە ئەندامەکانی خێزان و کەسانی تری پەیوەندیدار. لە کۆتاییدا دەکرێت لێکۆڵینەوەکە ببێتە مایەی دادگاییکردنی یەکێک یان چەند تاوانکارێک.

**پرسیار: ئایا چۆن دەتوانم خۆم بپارێزم؟**

وەڵام: پۆلیس لە باری ئاساییدا هەڕەشە و مەترسی هەڵدەسەنگێنێت و دەتوانێت لە کاتی پێویستدا بە چەند شێوەیەک لە پاراستن یارمەتیت بدات، بۆ نموونە زەنگی هەڵکوتانەسەر. لە ناو پۆلیسدا تەنانەت ڕێکخەری کاروباری قوربانیانی تاوان یان هاوچەشنی هەیە کە کاروباری پشتگیریی قوربانیانی تاوان ڕێک دەخات. هەروەها زۆربەی دامودەستگاکانی پۆلیس هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوە بێقازانجەکان، وەکو ئێشکگرانی ژنان و کچاندا، دەکەن.

**پرسیار: ئایا دەتوانم لە کاتی دادگاییکردندا پشتگیری وەربگرم؟**

وەڵام: دەتوانیت یارمەتی لە یاریدەدەری خاوەنکێشە وەربگریت. ئەمەش یاساناسێکی تایبەتی خۆتە کە یارمەتیت دەدات. هەروەها دەتوانیت پشتگیریی شایەتیش وەربگریت لە کەسێکەوە کە زانیاری و یارمەتیی پراکتیکیت دەداتێ لە کاتی دادگاییکردنەکەدا. ئەمەش بێ بەرامبەرە.